## تێبینی:

کورتەیەک لەژیان و تێکۆشانی مەنسوور حیکمەت لەلایەن نوری بەشیرەوە بۆ هەفتەی مەنسوور حیکمەت لەحوزەیرانی 2007دا لەلندەن ئامادەکرا، وەبەهەمان شێوە لە14–6–2008 دا لەهەفتەی مەنسوور حیکمەتدا هەر لەلندەن پێشکەشکرایەوە، ئەم وێنانەی خوارەوە چەند وێنەیەکی 14–6–2008 لەو بۆنەیەدا لەگەڵ خودی بەبەتەکەدا .



# کورتەیەك لەژیان و تێكۆشانی مەنسور حیكمەت

ئامادەکرنی نوری بەشیر بۆ هەفتەی مەنسور حیكمەت لەلەندەن لەڕۆژی 2007/6/22 دا

**تەمەنیکی کورت و ژیانیکی پڕبەرهەم**

**مەنسور حیکمەت**

**ژوبین ڕازانی**

**1951- 2002**

بۆ ڕێزلێنان لەژیان و تێکۆشانی ئەو سەرەتا کورتەیەك لەژیاننامەی هاوڕێ مەنسور پێشکەش دەکەم:

مەنسور حیکمەت – ژوبین ڕازانی لەساڵی 1951 لە تاران لەدایك بووە، قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی لەتاران تەواوکردوە، بۆ درێژەدان بەخوێندن چۆتە شیراز و بەشی ئابوری لە دانشگای شیراز تەواوکردوە.

ساڵی 1973 بۆخوێندن دێتە لەندەن و لەماوەی خوێندندا لەبەریتانیا دراسەی کاپیتاڵ و ئاسارەکانی تری مارکس تەواو دەکات.

لەشۆڕشی ساڵی 1979 ی ئێراندا دەگەڕێتەوە بۆئیران و لەگەڵ چەند هاوڕێی تریدا گروپێك بەناوی "سەهەند" پێکدێنن کەدواتر لەڕەوتی گەشەکردنیدا گۆڕدرا بەرێکخراوێك بەناوی "یەکێتی خەباتگێرانی کۆمۆنیست" و بەم شێوەیە سەرەتای بەرێخستنی بزوتنەوەیەکی مارکسیستی شۆڕشگێرانە دادەمەزرێنێ کەدواتر بووە بنەمای پێکهێنانی قوتبێکی چەپ لەکۆمەڵگای ئێراندا کەسەرەنجام لەحیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا خۆی ڕێکخراو کرد. زیندوکردنەوەی مارکسیزم و هێنانە مەیدانی بزوتنەوەیەکی ڕەخنەگرانە لەپۆپۆلیزم و چەپێکی ناسیونالیزم و تێکەلاو بەفەرهەنگی سیاسی شەرقی و خۆخەیاڵ بەبۆرژوازای نیشتمانی، لەجەرگەی شۆرشی ئێراندا کەتازە پایەکانی سەرکوتی پاشایەتی هەڵتەکاندبوو، بەخاتری ئەوەی کەڕیزی خەباتی چینایەتی کۆمەلانی کرێکارو زەحمەتکیش جیابکاتەوەو بەئالای کۆمۆنیستی و مارکسیستی شۆڕشگێرانەوە بیانهێنێتە مەیدانەوە، سەرەکیترین کاریگەرییەکانی مەنسور حیکمەت بوو کە دواتر پڕیشکی دەستکەوتەکانی ئەم دەورەیەی کۆمەڵگای عێراق و ڕێکخراوە چەپەکانی کوردستانی عێراقی خستە ژێر کاریگەری خۆیەوە.

بەم جۆرەش بزوتنەوەی کرێکاری و چەپ بەهەولو تێکۆشانی ئەو بووە خاوەنی تیوەرو بەرنامەی کۆمۆنیستی خۆی.

لەنێوان ساڵەکانی 1978 و 1982 دا بەشی زۆری بەرهەمەکانی تایبەت بوە بەباروودۆخە سیاسییەکانی ئێران و ناوچەکە و بزوتنەوەی کۆمۆنیستی، کە لەنێویاندا شۆرشی ئێران و دیفاع لەدەستکەوتەکانی خاڵی میحوەرییە. لەگرنگترین نوسینەکانی ئەو دەورەیە هێڵەسەرەکیەکانی بەرنامە – کەبە ختوتی عمدە ناسراوە، ئەفسانەی بۆرجوازی میللی و پێشکەوتنخواز لەئێران. دوباڵی بۆرژوا ئەمپریالیستی دژە شۆرش لەئێراندا، بزوتنەوەی جوتیاران پاش حەڵی ئەمپریالیستی مەسەلەی زەوی لەئێران، دورنمای فەلاکەت و تیوەری مارکسیستی بوحران، سێبەش و سێ سەرچاوەی سۆسیالیزمی خەڵکی، کێشە لەسەر سۆسیالیزمی خەڵکی، جەنگ و تیۆری تیۆری جەنگ، پۆپۆلیزم لەبنبەستدا، ... و گەڵێ نوسراوی تر کەبەهۆیەوە دیدگای چەپی غەیرە مارکسیستی کوتاو یەك سیستەمی منسەجمی ڕادیکال و مارکسیستی دارشت کەبەجەرەیانی مارکسیسمی شۆڕشگێر ناسراوە.

لەلایەکی ترەوە ڕاوەستانەوەی مەنسور حیکمەت بەرامبەر بەڕەوتی ئیسلامی سیاسی و دەسەڵاتە تازەکەی و ئاراستەکردنی ڕەخنەی بێرەحمانە و شێلگیرانە لەزاویەی قازانج و بەرژەوەندییە سەربەخۆکانی کرێکارانەوە، ئەوی بەیەکێك لەڕابەرانی ناسراو و پڕ ئیعتیبار لەکۆمەڵگای ئێراندا هەڵکشاند.



هەرلەم دەورەیەدا دەورو جێگای مەنسور حیکمەت و ڕەخنەکانی بەوەزعی ئێران و بزوتنەوەو مەکتەبە جۆراوجۆرەکانی پۆپۆلیزم و چەپەوە مەحدود نەبۆوە، بەتایبەتی لەکاتێکدا ئەو ڕەخنە لەپۆپۆلیزم دەگرێت، سیستەمی فکری قوتبە جیهانیەکەشی دەداتە بەر ڕەخنە، یانی کۆمۆنیزمی ڕوسی و چینی و ڕێبازی چریکی، نموونەکانی لەئاستی جیهاندا دەداتە بەر ڕەخنە و هاوکات بەتاکید کردنەوە لە سۆسیالزم و ڕەخنەی مارکس لەجیهانی سەرمایەداری و ڕەخنە لەجەرەیانەکانی تری ترۆتسکیزم و سۆسیال دیموکراسی دەگرێ، بەمجۆرە رەخنەی مەنسور حیکمەت و مارکسیزمی شۆڕشگێر لەو دەورەیەدا ڕەخنەی چینی کرێکارە بەدنیای سەرمایەداری نەك لەئێران بەڵکو لەتەواوی دنیاو پێشکەوتوترین وڵاتانی سەرمایەداری لەدنیا وەك ئەمریکارو ولاتانی ئەورویا...

بەلام مارکسیزمی شۆڕشگێر تەنها یەك جەریانی فکری نەبوو، بەڵکو هاوکات یەك حەرەکەتی عەمەلی بوو، بەتایبەتی کە هەوڵی مەنسور حیکمەت بۆپێکهێنانی حیزبێکی مارکسیستی و کۆمۆنیستی وەك ئامرازێکی ئاڵوگۆربەخشی کۆمەڵایەتی جێگایەکی میحوەری هەیە. ئەوەبوو پاش سالی 1979 و بەدوای پێکهێنانی ڕێکخراوی یەکێتی خەباتگێڕانی کۆمۆنیست – ئیتحاد مبارزان کۆمۆنیست، کە ئۆرگانێکی دەبێت بەناوی بەرەو سۆسیالیزم - بسوی سوسیالیزم، بیرۆکەی پێکهێنانی حیزبێکی کۆمۆنیستی بۆ چینی کرێکاری ئێران مەترح دەکا و وەك یەکێك لەسەرەکیترین ئەرکەکانی ئەودەورەیەی چەپ لەئێران دەیخاتە نێو کۆڕوکۆمەڵ و ڕێکخراوە مارکسیستەکانی ئەوکاتەوە. بۆئەمەش بەرنامەی ئیتحادی مبارزانی کۆمۆنیست دەنوسێت و دەستکەوتە سیاسی و تیوەرییەکانی کۆمۆنیزمی ئێران لەپاڵ ئامانج و خواستەکانی چینی کرێکاردا جێگیردەکات. کەدواتر ئەو بەرنامەیە جێگای خۆی لەناو چەپ و بزوتنەوەکەدا دەکاتەوە و دەبێتە بنەمای پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران. بەتایبەتی کە لەلایەن کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی ئێرانەوە پێشوازی لێدەکرێ. لەکۆنگرەی دووەمی خۆیدا کۆمەڵە لەساڵی 1981 دا بەعەلەنی پەسەندکردنی بەرنامەو خەتی ئیتحادی مبارازان قبولْ دەکات، بەو هۆیەوە مەنسور حیکمەت چەندین کەس لەڕابەرانی کۆمەڵە لەتاران دەبینێ و پێکەوە کۆدەبنەوە کەئەوکات بەنادر ناسرابوو.... تائیستاش زۆریك لەو هاوریانە بەنادر ناوی دەبەن...

بەدوای وەرچەرخانی کۆمەڵە بەلای مارکسیزمی شۆڕشگێرو باوەڕەکانی مەسنور حیکمەتدا هاورێ مەنسوور ڕوودەکاتە کوردستان و دەورەیەکی تر لەهەڵسورانی سیاسی و ڕابەرایەتی دەستپێدەکات و هەرلەوێش زۆرێك لەڕابەران و کادرانی کۆمەڵە دەبینێت و بەکردەوەش تێکەڵ بەمەسەلەکان و خەباتی کۆمۆنیستەکانی کوردستان دەبێ و شان بەشانی ئەوان لەخەباتی کۆمۆنیستی دژ بەناسیونالیزمی کورد و کۆنەپەرستی ڕادەوەستێ و ئاڵوگۆڕێکی ڕیشەیی لەخەباتی جەماوەری و حیزبی کۆمۆنیستەکاندا جێدێڵێ، کاریگەری ئەو بەسەر کۆمەڵەو چەپ لەکوردستان چ لەمەیدانی سوونەتەکانی تیکۆشان و چ لەدەخالەتگەری لەژیانی خەڵك و پێکهێنانی دەسەلاتدارێتی جەماوەریدا مەسەلەیەکە بۆهەمووان بەرجەستەیە.

بەدوایدا سالی 1982 کە هێرشی سەرکوتگەرانەی جمهوری ئیسلامی بۆسەر بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەو چەپ دەستپێدەکات، بەپێی ئیتفاقی ڕابەری ئیتحاد مبارزان بڕیاری ڕووکردنە کوردستان دەداو لەوێ نیشتەجێ دەبێت. لەپایزی ساڵی 1982 دا کۆنگرەی یەکەمی ئیتحاد مبارزان دەبەسترێت لەکوردستان و لەوکۆنگرەیەدا مەنسور نەقدی پراتیکی پۆپۆلیزم دەکات و شێوەکاری کۆمۆنیستی دەژینێتەوە. تالەئاکامدا و لەسالی 1983 دا بەکاری جدی مەنسور ئیتحاد مبارزنی کۆمۆنیست و

ڕێکخراوی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان و ئەفرادی ناو فراکسیۆنی مارکسیزمی شۆڕشگێر و چەند سازمانی کە، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران پێکدێنن، کەئەمە هەنگاوێکی مێژوویی گرنگ و خاڵێکی درەخشانی ناو چەپ بوو، چینی کرێکاری ئێران بۆیەکەمین جار بەحیزبی چەکداری خۆی شاد دەبێت، کەبەرنامەو هەدەفی سەربەخۆی کرێکاری نوێنەرایەتی دەکات و سۆسیالیزم وەك هەدەفی فەوری دەخاتە دەستوریەوە.

لەگەڵ پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و دواتریش یەکەمین مەسەلەی ئەساسی مەنسور حیکمەت بریتی بوو لەهێنانە مەیدانی کۆمۆنیزمێکی کۆمەلایەتی و دەخالەتگەر، هەربۆیە باسەکانی جەماوەری بوون و کرێکاری بونی حیزب لەنوسینەکانیدا جێگایەکی بەرجەستەی بۆپەیدابووە، لەوانەش باسی ئەژیتاتۆر، مەحافلی کرێکاری، ڕابەرانی عەمەلی بزوتنەوەی کرێکاری، سیاسەتی ڕێکخستنمان لەنێو کرێکاراندا، ئەندامەتی کرێکاری، ئەمانە سەرەتای باسێك بون کە مەنسور حیکمەت دوایی لەژێر ناوی کۆمۆنیزی کرێکاریدا تەرحی دەکات و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دروستدەکات.

بەلام بەوهۆیەوە کە کۆمەڵە وەك ڕێکخراوی ناوچەیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لەگەڵ کێشەی نەتەوایەتی وخەبات لەدژی بۆرژوازی کورد بەرەو ڕوو بوو، مەنسورحیکمەت وەك یەکێك لەڕابەرانی کاریگەری کێشە و جەنگ لەدژی ناسیونالیزمی کورد هاتە مەیدانەوە و ستراتیژی کۆمۆنیستی بۆ خەباتی چەکدارانە وەك مەیدانێك لەخەباتی کرێکاران دارشت و کردیە بەرنامەی کۆمەڵە.

لەساڵەکانی 1984 بۆسەرەوەو لەگەڵ پەرەگرتنی جەنگی ئێران و عێراق مەنسورحیکمەت چەندین نوسراوەی لەسەر ئەم جەنگە نوسیوە کە سیاسەتی کۆمۆنیستی لەبارەی جەنگەوە دەخاتە ڕوو.

باسی لێکۆڵینەوە لەتەجروبەی شکستی شۆرشی کرێکاران و بۆلشەفیکەکان لەڕوسیا یەکێکی تر لەو مەسەلانەبووە کەبەدوای پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران جێگای تایبەتی لەفکرو بۆچوونەکانی مەنسور حیکمەتدا پێکهێناوە کەبەتیژبینی تیوەریکی و سیاسی ئەو توانرا شاکارترین بەرهەمی کۆمۆنیستی و مارکسیستی بخولقێنێ.

لەدوای ساڵانی 1985 بۆسەرەوە و لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانی سیاسی و ئابووری لە ولاتانی بلۆکی ڕۆژهەلات و پاشان ڕووداوەکانی ڕوسیاو شکستی یەك لەدوای یەکی ولاتانی کەمپی بەناو سۆسیالیزم، کەهەم ڕووخساری دنیای دووقوتبی گۆڕی وە فرسەتی دابە بۆرژوازی جیهانی و باڵی ڕاستی، هێرشێکی فراوان بباتە سەرکۆمۆنیزم و مارکسیزم، مەنسورحیکمەت جارێکی تر خوێندنەوەی خۆی بۆمارکسیسم و مەوقعیەتی جیهانی کۆمۆنیزم خستەڕوو وە بەئالای دیفاع لەمارکس و کۆمۆنیزمەوە لەمەیدان ڕاوەستا و پوچی ئیدعاکانی بۆرجوازی جیهانی سەبارەت بە دیموکراسی و بازاری ئازاد و ئاشتی کۆمەلایەتی دەرخست. لەمبارەوە نوسراوەی باروۆدخی جیهانی و جێگاو ڕێگای کۆمۆنیزم جێگایەکی تایبەتی هەیە.

تەنها دیفاع کردن لەکۆمۆنیزم تەنها لایەنی ڕێبازی کۆمۆنیستی مەنسور حیکمەت نەبوو لەنێو ڕووداوەکانی ئەم دەورەیەدا، بەڵکو باسی پێکهێنانی حیزبێکی یەك بونیەی کۆمۆنیستی کرێکاری و گۆڕینی حیزبی ئێران بەرەوتێك کە لەجەرەیانێکی رەخنەگرانەو ڕاوەستاو لەسەرکێشە ووڵاتیەکانەوە بگۆڕێ بۆ ڕەوتێکی جەماوەری و کۆمەلایەتی و ڕاوەستاو لەسەر ڕەوەندە جیهانییەکان خاڵێکی بنەڕەتی بوو، هەربۆیە باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری هێنایەکایەوەو لەو ڕووەوە بنەما تیوەری و سیاسی و بەرنامەییەکانی ڕەوتی تازەی نوسی، لەوانە دانراوی جیاوازیەکانمان، لەبارەی کۆمۆنیزمی کرێکاریەوە، لەم نوسراوەدا هاورێ مەنسور حیکمەت کۆمۆنیزم بەمانا واقعیەکەی وەك بزوتنەوەیەکی کۆمەلایەتی و ئیعترازی ئینسان بەسەرمایەو سەرمایەداری لەڕوانگەی کرێکارەوە مەترەح دەکاتەوە چ وەك تیۆرو چ وەك سیاسەت و چ وەك سونەتەکانی لەڕەوتە مارکسیستیەکانی ئەو دەمە جیای دەکاتەوە و تەنانەت مێژووی سەربەخۆی ئەم بزوتنەوەیە، یانی کۆمۆنیزمی کرێکاری

بەسەربەخۆ لەهەر ڕەوتێکی تری مارکسیستی دەنوسێتەوە. سمیناری یەکەمی کۆمۆنیزمی کرێکاری و دواتریش لێکدانەوە لەڕووداوەکانی ڕوسیا و ئاڵوگۆڕەکانی ئەودەمەی جیهان و ئێران مەنسور حیکمەت وەك بنیات نەری کۆمۆنیزمێکی تر بەناوی کۆمۆنیزمی کرێکاری دێنێتە مەیدانەوە، وە لەحیزبی ئێراندا ئەم هەوڵانە بە پێکهێنانی فراکسیۆنی کۆمۆنیزمی کرێکاری دەگەیەنێ.

ساڵی 1991 شەڕی یەکەمی کەنداو جیهانی بردە نێو سەرەتای ستراتیژی نەزمی نوێی جیهانیەوە، کەئەمریکاو جۆرج بۆش بۆسازدانەوەی دنیای یەکقوتبی شەڕیان هێنایە ناوچەی ڕۆژهەلاتەوە. ئەم جەنگە جگەلەوەی جیهانی بەرەو وەرچەرخانێکی گەورەبرد لەئێران و عێراقدا، زنجیرە گۆرانکاریەکی دراماتیکی هێنایە ئاراوە، لەو نێوەدا ناسیونالیزمی کورد لەکوردستانی عێراق و ئێران چالاکبووەو دەسەڵاتی گرت ، بەتایبەتی لەڕاپەرینی ساڵی 1991 و ڕووداوەکانی دواتردا، ڕەنگدانەوەی ئەم ئاڵوگۆڕانە لەنێو حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا بووە زەمینە سیاسی و کۆمەلایەتیەکانی ڕەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاری. نوسراوەکانی ئەم دەورەیە لەوانە ووتووێژ لەبارەی شەڕی کەنداوەوە لەگەڵ بڵاوکراوەی کۆمۆنیست، نەزمی نوێی خوێناوی جیهانی سەرمایە، "تەنها یەك هەنگا و بۆدواوە" کۆمەڵە شاکارێکی ئەم دەورەیەی مەنسورحیکمەتە کەڕاستیەکانی ئەم دەورەیە لە زاویەی کۆمۆنیزمی کرێکاریەوە دەخاتەڕوو.

پاشان مەنسور حیکمەت پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لەپایزی 1991 دا لەبەیانێکدا لەگەڵ چەند هاورێی تر ڕادەگەیەنێ. بەم جۆرە کۆمۆنیزم و حیزبێك بەدنیا دەناسێنێ کە جیاوازیەکانی لەسەر ئەو تێزە ڕادەگرێ کە کۆمۆنیزم تەنها یەك سیستەمی نەزەری یان حیزبی و خەباتی حیزبی ڕووت نیە، بەڵکو پێش هەرشتێك یەك بزوتنەوەی کۆمەڵایەتیە، بزوتنەوەی چینی کرێکار بەدژی سەرمایەداری، لەسەر ئەو ئەساسە ڕونکردنەوەو جیاوازییەکانی نیشاندەدا و بەرنامەی یەك دنیای باشتری بۆ دەنوسێ. هاوکات پێبەپێ بۆ داڕشتنی بنەما سیاسی و ڕێکخراوەیی و تیوەرییەکانی ئەم حیزبە تازەیە بڵاوکراوەی ئەنتەرناسیونال بەدەستەوە دەگرێ و چەندین باسی بنەڕەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری دەخاتەڕوو، لەوانە، مارکسیزم و جیهانی ئەمڕۆ، دیموکراسی لەنیوان دەربڕین و واقعیەتدا، ناسیونالیزم و بەرنامەی کۆمۆنیستی، دەربارەی منداڵ لەبار بردن، ئیسلامی سیاسی و پایە ئابووریەکانی قەیرانی دەسەلات لەئێران، ئوسوڵی ڕێکخراوەیی، پایەکان و ئاسۆکانی حیزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری، ..

هاوکات لەگەڵ ڕووداوەکانی ساڵی 1991 دا مەنسور حیکمەت پرۆژەی پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق مەترەح دەکاو ڕێگای هێنانە مەیدانی بزوتنەوەیەکی کۆمۆنیستی یەکپارچە بۆ دەرکێشانی کۆمەڵگای عێراق و کوردستان لەسیناریۆی ڕەشی جەنگ و داگیرکاری دەخاتە بەردەم کۆمۆنیستەکانی عێراقەوە و سەرەنجام بەدەخالەتی پەیگیرانەی ئەو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق پێکدێت. ئەمە لەکاتێکدابوو کە دەیان و بگرە سەدان حیزب و ڕەوتی سیاسی کەبەناوی مارکسیزم و کۆمۆنیزم و چەپەوە کاریان دەکرد لەژێر کاریگەری ڕووداوەکانی دنیادا داس و چەکوشەکانیان لابرد و بوونە دیموکراتیخواز، کەچی بەهەوڵی مەنسور حیکمەت کۆمونیزم لە ڕۆژهەلاتی ناوەراستدا بووە خاوەنی دوو حیزبی تیکۆشەر.

لەوەش زیاتر باسی جیابوونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەکوردستانی عێراق ئەو ڕێگاچارە واقعی و ئینسانیە بوو کە مەنسور حیکمەت خستیە پێش پێی کۆمۆنیستەکان و کۆمەڵگای کوردستان کە بەهۆیەوە دەتوانێ ژیانی خەڵکی کوردستان لەسەرگەردانی و سیناریۆی شەڕو پێکدادانی دەستەو تاقمی قەومی و ئیسلامی و دەسەڵاتی میلیشیایی چەکداریان دەرکێشێ و ڕێگابەرەو کۆمەڵگایەکی ڕاوەستاو و ئازاد و خۆشگوزەران بکاتەوە. کە تەنانەت هیچ ناسیونالیستێکی کوردیش ناتوانێ ڕاستی پێشرەو بوون و واقعی بوونی ئەم تەرحە نەسەلمێنێ.

له سالّی 1992 بۆسەرەوە ژیان و تێکۆشانی مەنسور حیکمەت بڕگەی جیاواز لەخۆدەگرن کەبەتەواوی ئیلهامیان لەکۆمەلّگاو بارودۆخەکانی جیهانەوە وەرگرتووە، بەتایبەتی بڕگەی سەرهەلّدانی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری خەلّکی ئێران بەدژی جمهوری ئیسلامی، بڕگەی دەرچوونی ژمارەیەك له ئەندامانی حیزب "مستەعفیوون"، بڕگەی 11ی سێبتەمبەر و ڕووداوەکانی جیهان، بڕگەی شەڕی نێوان حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کەهەموویان بەتیژبینی و مارکسیستی و کۆمنیستییەوە، ڕەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاری سەربەرزانە هێناوەتە دەرو دەستکەوتەکانی جێگیرکردووە.

کۆنگرەی دووەمی حیزبی کۆمۆنیستی  کرێکاری ئێران دەورەی خۆئامادەکرن بوو بۆ هێرش و پەلامار بۆسەر بۆرجوازی لەئێران و بەدەستەوە گرتنی دەسەلات، سەرەتای ستراتیژی نوێی لەهەولّەکانی مەنسور حیکمەتدا هێنایە پێشەوە، لەم ڕووەوە باسەکانی، حیزب و کۆمەلّگا، حیزب و دەسەلاتی سیاسی، بزوتنەوەی سەلبی و ئیسباتی، سیناریۆی ڕەش، حیزبی سیاسی.. بۆ ستراتیژیەکی هێرش بەرانە و حیزبێکی سیاسی بوو کە بۆ دەسەلاتی سیاسی تێدەکۆشێ و بۆئەمەش میکانیزمەکانی کۆمەلّگا بەدەستەوە دەگرێ بەتەوای ئاراستەیە ڕوو بەو ستراتیژە کەلەبەردەم حیزب و بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری و کۆمەلّگادا خستیەڕوو.

مەنسور حیکمەت لەماوەی 25 سالّ تەمەن وخەباتی بێ وچاندا، نموونەی ڕابەرێکی کۆمۆنیستی سەردەم دوای مارکس و لینین بەرجەستە دەکاتەوە، هەولّەکانی ئەو، باس و دانراوەکانی نەك هەر شان لەشانی مارکس و لینین دەدات بگرە لەچەندین بارەوە زیادەی بۆ هەولّەکانی ئەوان بووە و تیۆری کۆمۆنیستی گەشەپێداوە.

بەداخەوە لە 4 جولای 2002 دا پاش دەورەیەك کێشمەکێشی لەگەلّ نەخوشی  کانسەردا، دلّی گەورەو تێکۆشانی ئەو ڕاوەستا. ئەو وەك درختەکان بەپێوە ڕاوەستاو بەداخەوە زوو جێی هێشتین، بەلاّم ژیانی ئەو بەرهەمی ئەو تێکۆشانی ئەو سەرمایەیەکی گەورەی هەولّ و تێکۆشانی ئینسانییە و بێگۆمان سەدەکان دەبڕێ و وەك پێشەنگ و ڕابەری بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری دەیهێلّێتەوە.

## بەرزو بەرێز بێت یادی مەنسور حیکمەت